www.kurdistannet.org
31-8-02 15:07:32

## یەکی نۆی هەموو ساڵێ خەجاڵەتە
## دەرهەق بە شەهیدێکی شیعر و ئاوارە و ویژدان

ئەم هۆنراوەیە و چەپکێ گوڵی سپی پێشکەش بێ بە
ڕۆحی پاکی هاوڕێی هەمیشە زیندووم، شاعیری شەهید
ئەبو بەکر عەلی // خاڵە بەکر//ی نەمر

لاوانەوە و شیوەنێکە لە نووسینی
// حەمەی ئەحمەد ڕەسوول //هۆڵەند

ئەی هاودە می شیعر و ئازار. . . .
ئەی ڕۆح سپییەکەی شاری بێ ئامان و بێ قەرار. .
ئەی ئاوارەی نیشتمانێکی ئاوارە. .
ئەی لاوی ماندووی پیرەڕێ. . . . . .
دڵنیابە. . خاڵە بەکر !!
چاوی عەشقی نەمری تۆ،
لە ڕووباری خۆرەتاوا نەبێ، هەرگیز نانووێ !!!!
دڵنیابە. . خاڵەی شیعر !!
ئەی هاوڕێی دەمی فیراری و خەلوەتگا ی شەوانی بەر ئاگردان. .
بە خورپە و نرکەی ئەو مەرگە ناکاو و ناوەختە. . .
لە سینەی ئاسمانی تەختا،
دڵی خوای شیعریش ڕاوەستا. . . . . !!
خۆری مەرگی پیرۆزت، خۆری دیدەی شیعری زۆر بەرزت،
بەرزتر لەو چەپەلانەی تیرۆریان کردی،
خۆری تەمەن و ڕۆژانی بە هەدەر چووت،
خۆری هەناسەی شەوانی هێجگار درێژی دەم شەونخوونی و برسێتی و
ئازار و ژانی دایکە ڕەشپۆشەکەت، دەرد و حەسرەتی مەرگی ناوادەی دوو برای جوانەمەرگت. .
کە لە میانەی تاقە مانگێکا
بوونە دوو ئەستێرە ی ڕژاوی ئاسمانی شووم و کەدەر،
خۆری مەرگ و جوانی و تەمەنت،
ئەمێستاکە، خاڵەی ماندوو ؛
لە پانۆرامای ژیانا. .
لەسەر بانێژەی گەردوون و لە نێو بیلبیلەی فرمێسکاوی ئاسمانا
عاشقێکە و ڕیێ کاروانێکی لەبەر بێ. . . .
شۆڕەسوارێکە و بۆ ئاوارە و برسی و هەژار ؛

کەپر و ساباتی زێد و نیشتمانە. . . !

عاشقێکە و بۆ دڵداران، بۆ گەنجە بێهیواکان

بۆ شاعیرە دڵتەنگە بێهەوارەکان. . دەرمان و هەتووانە !!!!!!

+ حاڵەی شیعر، حاڵەی شەهید ؛

لە پاش کۆچت، پرسەی ژینە لەسەر زەوی. . . . .

خەزانێکە و،

درەختی << موحیببەت >> بە کوڵ ئەگری. . . . !!

خۆری ماتەمینی سەیوان،

پاییزییە و لە دەمکەلی وەرزەکانا،

گەڵای زەردی دەم ڕێزانە. . . !!

+ ئەی ئاسمانی هۆنراوەی جوان !!

دڵی ماندووت هەژێنە. . . .

ئاسمان بگری و. . . .

جەللاد و پۆلیس و جەندرمەی چەرخی زەبوون. . . .

ئەهریمەن و تارمایی پاییزی گەردوون،

بە نرکە و ناڵەی بەهارییت، بترسێنە !!!!

+ ئەی هەورەکە !

بەرچاوی خۆر تاریک مەکە !!

سا ببارێ و دەروونی ئەم ژینە نوغرۆیە. . . .

بە زریانی چاوەکانت، خاپوورتر کە !!!!

ئەی هەورەکە !

یا ببارێنە، بارانی ڕەحمەت،

یا ئەوەتا ئەم وڵاتە هەردەم دیل و کۆتە، وێرانتر کە !!!!

دەی هەورەکە !!

دەی زوو کە ؛ چونکێ وا لێرە خەزانە. .

<< پرسە شیعری >> هۆنەرێکی بە هەڵوێست و قارەمانە !!

*****

خاڵە گیان، زۆر ئاسوودە و دڵنیا بە ؛

خۆری شیعر. . خۆری وڵات، وڵاتی وەک تۆ ئاوارە و ماندوو. .

خۆری عەشق ؛ لە پاش کۆچت. . .

کۆچبەر و ڕێبوارێکی فێ گرتووە و

لە کەنار شەوە بێهۆش و خامۆشەکانا. . . . .

میوانی سەرمەدیی مەرگ و سووتانە. . . . . !! —هۆڵەند

www.kurdistannet.org
31-8-02 15:07:32

سلێمانی / هۆڵەند ١٩٩٧

لە ڕاستیدا بۆ بیستنی مەرگی ناوادەی ئەو ئینسانە ڕۆح سووکە و شاعیرە زۆر بە ویژدانە و هاوڕێ و برایەکی زۆر نزیک بە بیرو بۆچوون و نزیک بە ماڵی خۆمانم لە ساڵی ١٩٩٧ دا و دوای سەردان و گەڕانەوەم بۆ ولات، بیست و زۆر دڵتەنگ بووم و ماتەمێکی زۆر قوورس دایگرتم و ڕقێکی هێجگار ئەستوورم لە بکووژان و تیرۆرکەرانی ئەو دڵگەورەیە لا دروست بوو بەڵام ئێمە چیمان لە دەست دێ بۆ سەندنەوەی هەقی بە فیڕۆ چووی ئەو کارە زۆر نارەوایە لە پێشکەشکردنی شیعرێکی دڵگەرم و یادەوەریی هەمیشەیی ئەو پەپوولە عاشقە لە دڵ و دەروونمانا و بەرز ڕاگرتنی ساڵوەختی شەهید بوونی ئەوباڵادە شیعرە پڕ ویژانە لە یەکی نۆی شوومدا. . بۆیە ئەم شیعرەی ساڵانێکە بۆ مەرگی خاڵە بەکر م نووسیووە و بۆ بلاو کردنەوەم نەناردووە و ئەوا دەمی خوێندنەوە و بیستنی هات و ئومێدەوارم ئەرکی زۆر پیرۆزی سەر شانی خۆمم بەم شیعرە دڵگەرمە جێبەجێ کردبێ و. . .
هەزاران و هەزاران ڕەحمەت و درووود بۆ گیانی زۆر پاکی خاڵە بەکر عەلی و هەموو شەهیدانی ووشە و ویژدان و هەق. . . . . . . .
تەمەنی درێژ و لەشی ساغیش بۆ دایکی شەهید // ئومێدەکەم کە لە ژیانا بێ // بۆ برا بچووکەکەی و خوشکە زۆر هێژاکانی و هەموو هاوڕێ و کەسوکارە دڵسۆزەکانی. .

ئابی ٢٠٠٢.